# سۆسیالیستی لە بزاڤی هەقەدا

**قارەمان نادر محمد** [١]

[١] بەشی مێژوو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

بزاڤی هەقە گروپێکی ئاینی، سۆفیگەری بو لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم لە گوندی شەدەڵەی ناوچەی سلێمانی بە ڕابەرایەتی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە دامەزراوە، ئەم بزاڤە بەشێک لە تەریقەتی نەقشبەندی بووە، بەڵام بە هۆی کۆمەڵێک کۆڕانکاری لە جەوهەری ڕێبازەکەدا نازناوی هەقەی بە سەردا سەپێندراوە، ئەو دیاردانەش بریتیبون لە پیادەکردنی کاری هاوبەش و هەروەزی و بەرگریکردن لە جوتیاران و زەحمەتکێشان و ئازادی ئافرەت، بۆیە دەکرێت ئەم بزاڤە بە جۆرێک لە سۆسیالیستی سروشتی بناسێندرێت، کە ئاشنایەتی لە گەڵ سۆسیالیستی زانستیدا نەبووە، دیاردەی چەپگەرای لە نێو ئەم بزوتنەوەیەدا لە دوای ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردودا بە خێرای گەشەی کردووە، هەرچەندە شیرازەی پێڕەوانی هەقە و دابونەریتی کۆمەڵایەتیان پاراستووە، بەڵام لە مەراسیمە ئاینیەکان دور کەوتونەتەوە، ئەمەش بەرەنگاری ئاستەنگی زۆری کردونەتەوە، هەر لە ململانێی پیاوانی ئاینیەوە، تا دەگاتە سەنگەرگرتنی دەرەبەگ و پیاوانی حکومەتی عێراقی. بزاڤی هەقە وەکو بزاڤێکی ئاینی وێنا کرا, بەڵام لە ئەرکە نیشتمانییەکانیش دانەبراوە و بەشداری لە چالاکییە سیاسیەکاندا کردووە، بە  تایبەت نزیک بونەوە لە پارتە چەپەکان و کارکردن لە نێو ڕیزەکانیاندا، هەڵبەتە هەقەکان لە دوای کۆچی دوای شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەدا بۆ چەند گروپێک دابەشبون، دیاترین ئەو گروپانەش مامەڕەزا و حەمەسوری کلاوقوت، گروپێک لە شەدەڵە بون، بەڵام مامەڕەزاییەکان و حەمەسورییەکان زیاترپرەنسیپی سۆسیالیستی تێیاندا پراکتیزە کراوە، لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردودا جیاواز لە کۆمەڵگای ئەو سەردەمە مامەڵەیان دەکرد، بۆیە دەکرێت ڕێز لەو کارانەیان بگیرێت و زانستیانە هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانیان بکرێت.

**وشە سەرەکییەکان:** سۆسیالیستی، سۆفیگەری، کۆمەڵایەتی، هەقە، یەکسانی و دادوەری

## ١. پێشەکی

سۆسیالیزم چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی لەخۆیدا گرتبو، ڕێگەی ئەوەی پێدەدا، لە ناوەندە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا بڵاوببێتەوە. لەوانەش ناوەندی کوردی. بەتایبەتیش ئەو تایبەتمەندی و خەسڵەتانەی لەنێو گوتار و دروشمی بزوتنەوەی سۆسیالیستی جیهانی، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕوسیادا هەبون. وەک دادپەروەری کۆمەڵایەتی، یەکسانی، مافی چارەنوس...هتد. ئەم دروشمانە بە ئاسانی دەیانتوانی لە زەمینە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەوانەی لەژێر جەور و ستەمی هێزە نەریتییەکان دەیانناڵاند، جێگەی خۆیان بکەنەوە. زەمینەی کوردیش یەکێک بووە لەو شوێنانەی

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٤، ژمارە ١ (٢٠٢١)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢٥  تشرینی یەکەم ٢٠٢٠؛ پەسەندکردن: ١١ نیسان ٢٠٢١
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٧ کانوونی یەکەم ٢٠٢١ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: qaraman.nadir@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢١ قارەمان نادر محمد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC 0 CC BY-NC-ND 4.

بە ئاسانی دروشمەکانی تێدا جێ دەبۆوە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی - ئابوری نەریتییانە، کە زۆرینەی تێدا ژێردەستەی کەمینەیەکی هەژمونگەرا بو. ئەمە سەرباری ئەو ڕەوشە سیاسی و کارگێڕییە ناجۆریەی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە کوردەکان خۆیان تێدا بینیەوە و ژێردەستەییان، هەر کۆمەڵایەتی ئابوری نەمایەوە، بەڵکو سیاسیشی هاتەسەر. خراپی ڕەوشی گشتی، شەپۆلی پێشوازیکردنی لە ناسیونالیزمی لە دوتوێی ئەو بنەما سەرەکییانەی، فراوان کرد. تا ئەوکاتەی هزرە ئایدۆلۆژییەکە، لە سنوری چاکسازی کۆمەڵایەتییەوە دەنوێنرا، نەک کۆی سیستەمە فەلسەفییەکەی. بۆیە چەشنێک لە ئومێدی دەستەجەمعی، لە نێو کۆمەڵگەی کوردی دروست دەکرد .

ئەم ئومێد و چاوەڕانییە لەگەڵ هەندێک بزاوتی ئایینی بە سروشت کۆمەڵایەتی نێوخۆیی، یەکانگیر دەبۆوە. ئەو بزوتنەوانەی لەدوای تەشەنەکردنی خێرای تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان، سەریانهەڵدا. بزوتنەوەی سیاسی - کۆمەڵایەتی بون، بە پاشخانێکی ئایینیانە. لەوانەش بزوتنەوەی هەقە. ئەم لێکچونەی ئایدۆلۆژیاکە و تێگە ئایینیەکە، بواری ئەوەی دەڕەخساند کاریگەری بەسەر یەکتر دروست بکەن، بەتایبەت لەو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییانەی، هەردوکیان هاوڕابون؛ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەرنامەی باشترکردنی بژێوی ژیانی کۆمەڵگەیەکی نەریتییانەی پڕ بە

گرفتی ئابوری - کۆمەڵایەتی. هەرواش ڕویدا، هەندێک لە شێخەکان زرینگانەوەی چەمک و دەستەواژە کۆمەڵایەتییەکانی سۆسیالیزم سەرنجی بردن و هەوڵیانداوە لەچوارچێوەی بەرنامە ئایینی کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان، بەو فۆرمەی لەگەڵ باوەڕەکەیان گونجاو بووە، دایبڕێژنەوە.

دۆزینەوەی کاریگەریی و کارتێکردنەکان، هەروەها ڕیشە هاوبەشەکانی نێوان هەردو کایە، کرۆکی ئەم توێژینەوەیەی ئێمەی پێکهێناوە. هەوڵمانداوە، بە بەکارهێنانی مێتۆدێکی بەراوردکاریی، ئەم ڕەگەزانەی بدۆزینەوە.

## ٢. تەوەری یەکەم، سەرهەڵدانی بیری سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی

دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە ڕوسیا ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستی بە خێرایی بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوبووەوە، وڵاتی تازە دامەزراوی عێراقیش لەو تەوژمە بێبەش نەبو. ئەمەش لە ڕێگەی گەیشتنی گۆڤارو ڕۆژنامە و پەرتوکە بیانیەکانەوە کە بانگەشەیان بۆ ئەم بیرە دەکرد، هەروەها لە ڕێگەی پەیوەندی نێوان وڵاتانی دراوسێوە بە تایبەتی ئێران کە هاوسۆز و هاوسنور بو لە گەڵ یەکێتی سۆڤیەتی تازە دامەزراو، کاتێک بانگەشەی بۆ پیادەکردنی سۆسیالیستی لە جیهاندا دەکرد. جگە لەوانەش، کۆلۆنیالیزمی بەریتانی ڕێگەخۆشکەر بو بۆ بڵاوبونەوەی بیری سۆسیالیستی لە نێو کۆمەڵگای عێراقی بە گشتی و کوردستانی باشور بە تایبەتی، بڵاوکراوەکان سیاسەتی داپڵۆسینی بەریتانیەکانیان بۆ گەلانی ناوچەکە ئاشکرا دەکرد. (عومەر، ٢٠٠٨، ٩)، (الخرسان، ٢٠٠١، ١٤).

دەرکەوتنی بیری چەپ لە عێراقدا بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، کاتێک ژمارەیەک ڕۆشنبیری چەپڕەو کاریان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم ئایدۆلۆژیایە دەکرد، بەڵام هیچ شوێن و پێگە و بازنەیەکی دیاریکراویان نەبو یەکیان بخات، تا دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراقی کە لە ١٩٣٤/٣/٣١ بە سەرۆکایەتی (فهد) لە شاری بەغدا دامەزرا، حزبی شیوعی بووە مینبەری کۆکردنەوەی ئایدۆلۆژیە چەپڕەوەکان لە باشور و ناوەڕاستی عێراقدا (بطاطو، ٢٠٠٥، ٦٤-٦٥).

ئەم تەشەنە کردنەی سۆسیالیزم هاوکات بووە لە گەڵ پەرەسەندنی هزری ناسیۆنالیستی لە نێو دەستەبژێری کوردییەوە. دەستە بژێرێک، کە ئامادەی پێشوازیکردنی هەر ئایدۆلۆژیەکی تری هەبووە، هاوکار بێت لەبەرەو پێشبردنی خەیاڵ و فەنتازیا ناسیۆنالستیانەکەیان. لەوانەش سۆسیالیزم. هەر ئەمەش وایکرد لە زویەکەوە بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردیش لە باشوری کوردستان مافەکانی خۆی لە ژێر جەتری ئەو ئایدۆلۆژیایەدا دەبینی و بە خێرای کەوتە ژێر کاریگەری هەڵمەتەکانی ئازادی گەلانەوە کە لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە بانگەشەی بۆ دەکرا. چەندین ڕێکخراو بۆ بەدەست هێنانی مافی نەتەوەیی دروست بون، لە دیارترین و یەکەمین ئەو ڕێکخراوە ناسیۆنالیستیانەش کۆمەڵەی دارکەر بوو کە لە ساڵی ١٩٣٧ دامەزراوە، کە بە خێرای بووە کرۆکی دامەزراندنی حزبی هیوا.

دامەزراندنی ئەم حزبە پەیوەست بووە بەدەزگایی بونی هزری ناسیۆنالیستی کوردی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، هەروەها بانگەشەی مافی گەلان لە لایەن سەرکردەکانی یەکێتی سۆڤیەتەوە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر. ئەمە جگە لە کاریگەری نوخبەی ڕۆشنبیری کوردستان و دروست بونی دەوڵەتی عێراق و بەرجەستە نەبونی مافەکانی کورد بونە هۆکارێک بۆ گەشەکردنی ئەم پەیوەندیی و ئاوێتە بونەی بیری سۆسیالیزمی و ناسیۆنالیزمی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردیدا.(الطالباني، ٢٠٠٢، ٤٧).

ئەوەی نمایندەی ئەم ئاوێتە بون و بەریەککەوتنی هەردو هزری لە ئاستی سیاسی دەکرد بریتی بو لە حزبی هیوا، حزبەکە لە ساڵی ١٩٣٩دامەزراوە، بووە پارتێکی نوێی متوربەکراو بە بیری سۆسیالیستی و چەترێک بۆ هەمو گروپە ناسیۆنالیستەکان، کە پەیوەندی دروستکردوە لەگەڵ شارستانەکان و بەشێک لە دەرەبەگ و خاوەن زەوییەکانیشەوە(شەمزینی، ٢٠٠٦، ٢٦٤)، لە کاتێکدا زۆربەی هەڵگرانی بیری سۆسیالیستی زیاتر لە کرێکاران و جوتیاران و زەحمەتکێشان و ڕەنجدەرانی بیرو بازو پێکدەهات، ئەم چینە چەوساوەیە دەبونە ناوکی گەشەکردنی بیری سۆسیالیزمی. بەڵام لە بەر ئەوەی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی هەوڵی دروست کردنی کیانی سیاسی خۆی دەدا و حزبی هیوا بانگەشەی بۆ ڕزگارکردنی میللەتی کورد دەکرد لە دەستبەسەری، وخەباتی بۆ ڕزگاری و بەرەنگاربونەوەی داگیرکاری دەست پێکرد بوو، چین و توێژی جیاوازی لێ کۆبووەوە. هەرچەندە زۆری نەبرد ئەم حزبە بەرەنگاری کێشەی زۆر بووەوە و لە ئامانجە سەرەکیەکانی حزبەکە تا دەهات دورتر دەکەوتەوە. دیارترین ئەو کێشانەش بریتی بون لە کێشەی بە گەورەکردنی سەرۆکی حزبەکە، وپیادەکردنی تاکڕەوی و کێشەی ئابوری و نەبونی شەفافیەت تێیدا. (الطالباني، ٢٠٠٢، ٤٧) .

لە ڕوی ئایدۆلۆژیشەوە، توێژەر (عەبدوستار تاهیر شەریف) نەیارە لە گەڵ ئەوەی حزبی هیوا وەکو پارتێکی نەتەوەیی پوخت تەماشا بکرێت ولای وایە "تا ڕادەیەک بۆچونی نەتەوەیی لە نێو ئەو خوێندکارانەدا ئاشکرا نەبو و بەشێوەیەکی هەرەمەکی کارەکانیان بەڕێوەدەچو (١٩٨٩، ٩٨-٩٩)

بەڵام (کریس کۆچێرا) دەڵێت: "حزبی هیوا هەمو تێکۆشەرە نەتەوەییەکانی کۆکردبۆوە، وەک ڕۆشنبیران و خوێندەوارەکان و قوتابیان، هەروەها کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوک و هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەرو ئەفسەران کەڕۆڵی بەرچاوییان هەبووە. بارەگای سەرەکییان لە بەغداد بووە و لقی لە کەرکوک و هەولێر و سلێمانی هەبووە، ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی ئازادی بڵاوکردۆتەوە" (٢٠٠٣، ١٧٨). لە ڕەوکەی مەلا مستەفا بارزانیدا ساڵی ١٩٤٣ و دروست بونی جوڵانەوەی بارزاندا ١٩٤٣-١٩٤٥ حیزب هاوکارییان پێشکەش کردووە، و ئازوقەو خۆراکیان بۆ پەیدا کردون. هەرچەندە بارزانی لە بونی پەیوەندی بە هیوا پارێزی کردووە و لە سەرەتادا ئامادە نەبووە ڕەزامەندی بدات کە نوێنەرییان لە بارزان هەبێت، بەڵام دواتر لە ساڵی ١٩٤٤ ڕەزامەندی دەدات و حزبی هیواش هەریەکە لە، ئەفسەر عزت عەبدولعەزیز، ماجید مستەفا، عەقید ئەمین ڕەواندزی، رائید عەبدولعەزیز گەیلانی کوڕی سەیید عوبەیدولا، میرحاج ئەحمەد، فواد عارف، مستەفا خۆشناو، وماجد عەلی دەنێرێت (کۆچێرا، ٢٠٠٣، ١٩٦؛ المتوکلي، ب.س، ٢٠).

کەواتە دەتوانین بڵێین، هیوا حزبێکی ناسیۆنالیستی بووە و کاری بۆ ئامانجە نەتەوەییەکان کردووە و لەو پێناوەدا کوردانی هەڵگری ئەو ئایدۆلۆژیەی کۆکردۆتەوە. بە دەر لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئەو شوناسە چینایەتییەی کەسەکە هەڵگری بووە، هەر لە دەرەبەگ، کەسی ئاینی، توێژی ناوەڕاست، بگرە تا جوتیارو کرێکاری ئاسایی، بەڵام حزبی هیوا لە ماوەیەکی کورتی کارکردنیدا گیرۆدەی کۆمەڵێک ئاریشەی هزری بو لە نێوان سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزمیدا، بەشێک لە حزب لایان وابو تەنیا جەماوەری چالاک لە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیدا دەتوانن سۆسیالیزم بۆ خۆیان بەدیبهێنن، وەکو بکەرێک لە چینی خوارەوەی کۆمەڵدا دەوری شیاوی خۆیان ببینن، و بەشەکەی تر لایان وابو دینەمۆی گۆڕانکارییەکان لە سەرەوە ئاڕاستە دەکرێت و دەکرێت چینی خوارەوە تەنیا فەرمانەکان جێبەجێبکەن ( شەریف، ١٩٨٩، ٩٨ ) ئەمە سەرەتایەکی دابڕان بو لە نێو ئاستی هزری و بەریەککەوتنە

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp12-21

هزرییەکان، ئەم حزبەی بەرەو لێکترازانی زیاتر برد. سەرەتای ململانێکان بە دیکتاتۆریەتی ڕەفیق حلمی دەستی پێکرد، وبەریەککەوتنی هزریش لێکترازانی وەبەرهێنا.

لە شوباتی ١٩٤٤ لە شاری کەرکوک، کۆنفرانسی حیزب بەسترا. لەم کۆنفرانسە کێشەی هەردو باڵەکە تەقیەوە، باڵی سۆسیالیستی هێرشی کردە سەر بەریتانیەکان، وداوای دەکرد بۆ چارسەرکردنی مەسەلەی ناسیۆنالیستی پێویستە پشت بە کامپی سۆسیالیستی (یەکێتی سۆڤیەت) ببەسترێت، و داوای هاوکاری لێبکرێت. داواشییان دەکرد چالاکانە بەوپەری تواناوە پشتیوانی لە جوڵانەوەی بارزان بکرێت (شریف، ١٩٨٩، ١٠٣). بەڵام ڕەفیق حلمی، کە سەرۆکی حزبەکە بووە و لە دامودەزگا حکومەتییەکاندا کاری کردووە، لە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی لە گەڵ بەریتانییەکان بو ئەوە لە کاتێکدا بەریتانیا هەوڵی کلۆرکردن و لێکترازانی ڕیزەکانی حیزبی داوە، هەروەها داوای دەکرد، کە لە جوڵانەوەی بارزاندا بێ لایەنی هەڵبژێرن (شەمزینی، ٢٠٠٦، ٢٦٦؛ شریف، ١٩٨٩، ١٠٣) .

ئەم ململانێیانە بە مەرگی حزبی هیوا کۆتای هات، حزبی هیوا وەک دەگوترێ، بو بە ئاردی ناو دڕک و بەسەر پارت و هێزە جیاوازەکانی دوای خۆیدا وەکو پارتی ڕزگاری و پارتی دیموکراتی کورددا دابەشبون. هەروەها هەندێک لە کاراکتەرەکانی وازیان لە ژیانی سیاسی هێناو دور کەوتنەوە لە کارکردن لە نێو پارتە سیاسیەکاندا. ڕێک لەو دەمەدا لە دەمی ململانێکانی هزرییەوە بزوتنەوەی هەقە، وەک بزوتنەوەیەکی ئاینی جوڵەی زێتر دەبێ و کاریگەری پەیدا دەکات، بەم ڕەوشەوە.

## ٣. تەوەرەی دووەم، بزاڤی هەقە وریەرانی:

دەرکەوتنی هەقە لە ڕوی مێژویەوە پەیوەستە بەو دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییە ئاینییەی شێخانی سۆفی- لە دوای ڕوخانی قەوارە سیاسیە نێوخۆییەکان، لە زەمینەی کوردەوە بە دەستیان هێنا، ئەوە بو بواری چالاکی سیاسی بۆ شێخەکانی تەریقەت ڕەخسا و هەوڵیاندا ئەو بۆشاییە سیاسی و سەربازییە پڕ بکەنەوە، کەلە نەبونی میرەکاندا دروست ببون. بۆ ئەو مەبەستەش سودیان لە پشتیوانی جەماوەری خۆیان و هێزە گەورەکانی دەڤەری عوسمانی و قاجاری وەرگرت .

بزاڤی هەقە وەکو بزاڤێکی نوێ و ناکاریگەر هیچ ئاماژەیەک بۆ بونی پەیوەندی بەو دەوڵەتانەوە لە سەر ئاستی گشتی نییە؛ ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەقە دوای نەمانی ئەو هێزانە دروست بووە، هەروەها هێزێکی جەماوەری ناوچەیی بووە و پێڕەوانی بۆ ئەو دیو سنورەکانی باشوری کوردستان تێپەری نەکردووە.

بزاڤی هەقە وەکو بزاڤێکی ئاینی، کۆمەڵایەتی لە نێو پەیڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندی دا جوتیاران و شوانکارەکانی باشوری کوردستاندا لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم، لە لایەن شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەوە دامەزراوە (شێخ بزێنی، ٢٠١٣، ٦٣). ئەم بزاڤە لە هەناوی ئەم تەریقەتەوە چەکەرەی کردووە و ڕیشەکەی کۆنترەو بۆ شێخ ئەحمەدی سەرداری سەرگەلو سۆفیە دێرینەی نەقشبەندی دەگەڕێتەوە. شێخ ئەحمەد باپیرە گەورەی شێخ عەبدولکەریمی دامەزرێنەری بزاڤی هەقەیە، پاش پشتکردنە تەریقەتی قادری، لە چارەگی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم تەریقەتی نەقشبەندی لە خودی مەولانا خالیدی نەقشبەندی شارەزوری لە شاری سلێمانی وەرگرتووە، بۆتە یەکێک لە ڕابەرە گرنگەکانی نەقشبەندی خالیدی لە دەڤەری سلێمانیدا. کاریگەری لە سەر چەندین نەوەی دوای خۆی لە زانا و کەسایەتییە دیارەکانی ناوچەکە جێهێشتووە و درێژەییان بە ڕێبازی نەقشبەندی داوە(تەیفور، ٢٠٠٢، ٢١٤) .

دوای مردنی شێخ ئەحمەدی سەردار، ناوەندی بانگەشە و ئیرشادی نەقشەبەندی و زنجیرەی بنەماڵەکەیان لە دەڤەری سورداشەوە گواستۆتەوە بۆ شاری کەرکوک و کوڕە گەورەی شێخ ئەحمەد، کە ناوی شێخ قادر و بە شێخ قادری سور ناسرا بو درێژەی بە ئیرشادی تەریقەتی داوە و بناغەی ئەو تەریقەتەی لە پانتایەکی گوندنشینەوە گواستۆتەوە بۆ ناوەندێکی شاریانە و لەوێ لە شارەکەدا چەسپاندووە و پێگەیەکی بەهێزی پێبەخشیوە (عەسکری، ٢٠٠٨، ٢٤). شایانی باسە تا ڕۆژگاری ئەمرۆ درێژەی هەیە و پاشماوەی کارەکانی بۆتە بەشێک لە مێژوی کۆمەڵایەتی و ئاینی و سۆفیگەری لە کەرکوک.

بێگومان ئەم مانەوەیەش پەیوەست بووە بە سیستەمێکی دیاریکراوی پەیوەندی نێوان شێخ و مورید و چۆنێتی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی شێخەوە، کە لە تەریقەتەکەدا، باو بو، لەو قۆناغەشیدا خەسڵەتە هەرەدیارەکەی بە میراتیی نەبونی تەریقەتەکە بووە، لە نێو بنەماڵەیەکی دیاریکراوەوە، بۆیە نەوەکانی شێخ قادری سور شوێنی باوکیان پڕ نەکردۆتەوە، هەڵبەتە لە تەریقەتی نەقشبەندیدا مەرج نییە نەوە شوێنی باوان بگرێتەوە و درێژە بە ئیرشادی تەریقەت بدات.

بۆ مانەوەو بەهێزبونی تەریقەتەکە پێویستە یەکێک لە بەهێزترین پەیڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندی دەستنیشان بکرێت کە خاوەن زانست و زانیاری و شەرع و تەفسیر و شیکردنەوە بێت، هەروەها قسەزان و لێهاتو بێت و توانای قەناعەت پێهێنان وکاریگەری دروست کردنی لەسەر بەرامبەر هەبێت. بۆ ئەو مەبەستەش یەکێک لە سۆفییە ناسراوەکان بە ناوی شێخ ڕەزای عەسکەر دیاریکرا بۆ ئیرشادی تەریقەتی نەقشبەندی لە خانەقای شاری کەرکوک و شوێنگرتنەوەی شێخ قادری سوری ڕابەری تەریقەتەکە لەو شارەدا. دوای کۆچی دوایی شێخ ڕەزا کاراکتەرێکی تر بە ناوی شێخ محەمەدی ئیلەڵا جڵەوی کارەکانی تەریقەتی گرتۆتە ئەستۆ (عەسکری، ٢٠٠٨، ٢٥). ئەمەش زەمینە کۆمەڵایەتیبونی تەریقەتەکە و بە دەستهێنانی پاڵپشتی بەردەوامی ئەم زەمینەیەی بە کراوەیی هێشتۆتەوە.

شێخ مستەفای عەسکەر لە دوای شێخ محەمەدی ئیلەڵا، تا ساڵی١٩١٥ بۆتە ڕابەری ئیرشادی تەریقەتەکە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا (گوندی ئیلەڵا دەکەوێتە دەشتی کۆیە نزیک لە گوندی عەسکەرەوە، بۆیە ڕەنگە تەنها لەو ناوچەیەدا چالاکییەکانیان قەتیس مابێت)، پاش مردنی شێخ مستەفا کەسایەتیەکی تر بە ناوی ملا ئەحمەدی گەڵنێری بۆتە شوێنگرەوەی ودرێژەی بە کارەکانی تەریقەت داوە. تەمەنی ڕابەرایەتی کردنی ئەم شێخە درێژ نەبووە ولە ساڵی ١٩١٩ کۆچی دوای کردووە و شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە شوێنی گرتۆتەوە (شێخ بزێنی، ٢٠١٣، عسکری، ٢٠٠٨، ٣١، جوم حیدری، ١٩٩٧، ٦١). شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە کوڕی شێخ مستەفای عەسکەرە.

## ٤. تەوەرەی سێیەم، شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە وبزوتنەوەی هەقە:

بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی گەڵاڵەبونی بزوتنەوەی هەقە، دەرکەوتنی لە نێو هەناوی تەریقەت، ئینجا گۆڕانی لە تەریقەتێکەوە بۆ بزاوتێکی ئاینی- کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسیش، پێویست دەکات بەو دەسەڵات و بۆچون و بیروڕایانەدا بچینەوە و بیانخەینە ڕو کە لە لایەن شایتحاڵ، خوێندەوار و توێژەرانەوە لە بارەی بزوتنەوەکە گوتراون.

نوسەران بە شێوەی جیاواز ئەم بزاڤەیان ناساندووە و چەمکی جیاوازیان بۆ داتاشیوە، چەند نمونەیەک لەو پێناسانە دەیخەینە ڕو، کە بزاڤەکەیان لە سەردەمی

گەشەکردن و نەشونماکردنی بە خوێنەرانی ناساندووە.

(هەمزە عەبدوڵڵا ) کەسێکی نزیک لە ناوچەکە بووە، لە سەردەمی زێڕینی بزاڤی هەقەدا ژیاوە، ویەکێک لە سەرکردە سیاسیە چەپڕەوەکانی قۆناغەکە بووە، دەڵێت، "بزاڤی هەقە بزوتنەوەیەکی جوتیاریە بە مەبەستی ئازاد کردنی جوتیاران لە ستەمی دێرینی سەپێندراو دەستەمۆکراوی کۆمەڵایەتی هاتۆتە بون و لە بنەڕەتدا هەقە سەر بە هیچ بزاڤێکی نیشتمانی و شۆڕشگێری هاوچەرخ نەبووە، مەیلی بۆ هیچ لایەنێک پیشان نەداوە و ڕێگای ئاشتیخوازانەی پیادە کردووە و چەکی بە ڕوی کەسدا بەرز نەکردۆتەوە (عەبدوڵلا، ٣،١٩٣٣) .

مستەفا عەسکەریش کارەکتەرێکی دیارو ناسراوی نێو بنەماڵەی هەقەکان بووە، تاقە نوسەرو شرۆڤەکاری هەقەکان بووە، یەکەم کەسیش بووە دەربارەی بزاڤی هەقەی نوسیوە، تێڕوانینی جیاوازی لە مەڕ پێناسەکەی هەمزە عەبدوڵا هەیە، لای وایە بزاڤی هەقە لە ڕەوتی نیشتمانی دانەبڕاوە و هاوکاری پێشکەشی بۆ حکومەتەکانی شێخ مەحمودی حەفید (١٨٨١-١٩٥٦) کردووە. هەر ئەمەش بۆتە هۆی بۆردومانکردنی شەدەڵە لەلایەن فرۆکەکانی بەریتانیاوە لەساڵی ١٩٣٤دا (عەسکەری، ٢٠٠٨، ٣١). عەسکەری ڕەتینەکردۆتەوە کە پێڕەوانی بزاڤی هەقە زۆرینەیان لە چینی جوتیاران بونە و جۆرێک لە دادپەروەری و یەکسانی بەرهەم لە نێو ڕیزەکاندا جێبەجێ کراوە، پێیوایە دەکرێت بە سۆسیالیزمی سروشتی ناوزەدی بکەین.

لەو سەروبەندەدا س.ج. ئیدمۆندس کە ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی ئەوکاتەی حکومەتی عێراق بووە، سەردانی گوندی شەدەڵە دەکات و ناتوانێت خۆی یەکلای بکاتەوە لە پێگەی شێخ عەبدولکەریم لە ڕوداوە گرنگەکان، بۆیە لە پەرتوکی کورد و تورک و عەرەبدا دەڵێت، "قسەکانی شێخ عەبدولکەریم دور لە پاکێتی و دینداری نەبون، بەڵام قبوڵکردنی ئەو مەسەلەیە بۆ من دژوار بو، کە ئەم کەسە ئیمام و ڕێبەری ئەو کردەوە ناحەز و نالەبارە بێت، کە تا چەند مانگێک لەمەوبەر فیکری حکومەتی بە خۆیەوە خەریک کرد بو (٢٠٠٤، ٢٥٣) .

ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی شێخ عەبدولکەریم و بزاڤەکەی لایەنی کەم بە ویستی بەریتانییەکان نەجوڵاونەتەوە و پەیام و جوڵەکانی شێخ گەیشتۆتە گوێی بەریتانییەکان و بە کارەکانی نیگەران بون. ئەو بانگەشە سۆسیالیزمییەی کە بۆ بزاڤەکە دەکرا، ئیدمۆنزی گەیاندە گوندی شەدەڵە، بەڵام ئیدمۆنز ئەو بابەتەی بۆ یەکلانەبۆتەوە، ئایا دەبێت چ پەیوەندیەک لە نێوان ئەو ڕەوتە سۆسیالیزمییە هەبێت، کە لە سیەکانی سەدەی ڕابردودا لە عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بڵاوکراوەتەوە؟

لێرەوە تێگەیشتن لە پەیوەندی هەقە بە هزری سۆسیالیستیەوە دەبێتە بابەتێکی قسە لە سەرکراو. بە تایبەت لە دو ڕووەوە؛ لە ڕویەکدا پەیوەست بە گەشەسەندنە مێژوییەکەی بزاوتەکە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سەرکردەکانی بە ناوەندە کۆمەڵایەتیەکە و لە خۆگرتنی ناوەندە، لە چوارچێوەی تێگەیشتنێکی سۆفیگەرییانە، کە جەخت لە سەر دادوەری کۆمەڵایەتی و فۆرمێکی یەکسانی دەکردەوە، لە ئاستی باوەڕداری لە تێگەی ئاینیەوە. لە ڕوی دووەمیشدا، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەم دەرکەوتنەی بزوتنەوەکە ڕێک هاوکات بووە لە گەڵ تەشەنە کردنی خێرایی سۆسیالیزم لە نێو دەستەبژێری کوردی، بە شێخ و کارەکتەرە نەریتیەکانی کۆمەڵگەی کوردییەوە.

توێژەر (عومەری فاروقی)، کە نوسەرێکی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لە ناساندنی ئەم بزاڤەدا دەڵێت، "هەرچەندە هەندێک کەس بە جوڵانەوەیەکی تەریقەت خوازی دژ بە سەرمایەداری و داگیرکاری دەزانن، بەڵام بزاڤەکە جوڵانەوەیەکی عیرفانیە و بۆنی نەوتی لێ دێت (١٩٩٢، ١٥)، گوایە سەرهەڵدانی ئەم بزاڤە جۆرێک لە وابەستەی بە نەوتی باباگوڕگوڕەوە هەبو بێت. ئێمە لامان وایە بۆچونێکی لاوازە و جێگەی هەڵوەستە لە سەر کردنە؛ چونکە شەدەڵە و کەرکوک دو ناوچەی لێک دورن، هیچ جۆرە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ لە نێوان بزاڤەکە و کۆمپانیای نەوتی کەرکوک لە قۆناغە جیاوازەکاندا تۆمار نەکراوە.

شێخ حسێنی خانەقا (١٩١٢-١٩٨٤) کەسێکی نزیک لە بنەماڵەی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەیە ولە ڕوی بنەماڵەییەوە خزمایەتیان هەبووە. دەربارەی ناساندنی بزاڤەکە دەڵێت، "لە دەستپێکی کارەکانی شێخ عەبدوکەریمی شەدەڵەدا وەک هەر بنەماڵەیەکی تری نەقشبەندی بە شێوەی ڕەوشی ئیرشاد و سلوکییان کردووە، و بنەما و پرەنسیپەکانی نەقشبەندیشیان جێبەجێ کردووە، بەڵام لە کاتی خەلیفایەتی شێخ عەبدولکەریمدا وردە وردە لە نێو پێڕەواندا قسەی هەڵبزوڕکاندن (شەتەحات) و لە نزیک بونەوەی مەهدی چاوەڕوانکراو دەکرا، گوایە کاتەکەی لە بارە و نیشانەکانی دەرکەوتون، بەشێک لە سۆفییەکان کە بە شێت ناوزەد دەکران دەستیان لە کار هەڵگرت و پشتیان لە دونیا کرد (سوڵتانی ، ٢٠٠٣، ٩٠). ئەمجۆرە مامەڵانە لە نێو پانتای سۆفیگەریدا ئاشنایەتی هەیە و وابەستەیە بە دونیایەکی خەیاڵی، لە دوتوێی کۆمەڵێک بابەتی دژ بە لۆژیک جێگیر بووە، بەڵام ئەمجۆرە دیاردانە لە گەڵ چەمکی سۆسیالیزمی یەکانگیر نین و دورو نزیک پەیوەندییان بە یەکەوە نییە.

لە دوای مردنی شێخ عەبدولکەریم زیاتر ئەمجۆرە بیرکردنەوانە پەرەی سەندو بانگەواز بۆ هەقبێژی و دادپەروەری و ڕاستگۆی دەستپێکرد. زاراوەی هەقیان کردە ئامرازی بەرەنگاربونەوەی ئەو تۆمەتانەی دەخرانە پاڵیان.

دیارە جیابونەوەی ئەمجۆرە بزاڤە ئایدۆلۆژییە لە پانتایەکی بچوک یان فراواندا بێ دەردەسەری تێپەڕ ناکات؛ چونکە کۆمەڵگەی کوردی لە بۆتەی دواکەوتویی خێڵایەتی دەتلایەوە، ئاغا ودەرەبەگەکان دەستیان خستبووە بیناقاقای جوتیاران و بەشی زۆری ڕەنج و ماندوبونەکانیان دەخوارد. بۆیە دەکرێت بزاڤی هەقە وەکو بزاڤێکی جوتیاری لە پێناو بەرگریکردن لە مافەکانی جوتیاران بناسێنین، سۆسیالیزمی کۆمەڵایەتی و مرۆڤ دۆستی و یەکسانی ڕەگەزیی، کردە دروشمی دیاری بزاڤەکە.

## ٥. تەوەری چوارەم، هەقە وچەپگەرایی لە نێوان ساڵانی ١٩٤١-١٩٦١

ئەگەر سەرەتاکانی پەیوەندی هەقە بە سەرەتاکانی هزری سۆسیالیزم لە کوردستان ناڕون بێت، ئەوا لە قۆناغی دواتر ئەم پەیوەندییە بە باشی دەرکەوتووە، خۆهەژمونی هێزە چەپەکان لە عێراقدا بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی کاریگەر بوو، بە خێرایی شوێنی خۆیان لە نێو چین وتوێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا کردۆتەوە. خوێندەواران لە پێشەنگی ئەو پێشوازیەدا بون، چونکە دەستەبژێری خوێندەوارەکان پتر درکیان بەو گۆڕانکاریە جەوهەرییە دەکرد، کە لە هەناوی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی دەڤەرەکەدا ڕویدەدا. بە پێچەوانەی بزوتنەوەی هەقە، کە لە نێو چین و توێژێکی نەخوێندەوارو جوتیاری لادێنشیندا برەویسەند.

ڕەنگە کۆکردنەوە و دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان دو گروپی بارگاوی بە هزری چەپگەرای ئاسان نەبێت، یەکیان هەڵگری خەسڵەتی ئایدۆلۆژی و سیمای سیاسی و گۆڕانکاری جەوهەری بێت، وئەویتریان ڕابەرایەتی تەریقەتی سۆفیگەری و فەلسەفەی ئاینی سەرچاوەی بڕیاری بێت. بەڵام ڕەوتی ڕوداوەکان و ئامانجی چەپگەرای هەردو جوڵانەوەکەی لێک نزیککردەوە، بە تایبەتی لە کارکردن بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی و هێنانەکایەی دادپەروەری ویەکسانی.

سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی بیری چەپ و دامەزراندنی پارتێکی سیاسی وەک حزبی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp12-21

شیوعی، کە هەڵگری بیری چەپ بو، بارگاوی بو بە دروشمەکانی یەکسانی و دادپەروەری و پاڵپشتی کردنی توێژی جوتیاران و ڕەنجدەران و ڕەتکردنەوەی هەمو جۆرە چەوسانەوەیەک. بۆ ئەو سەردەمە وەچەرخانێکی فیکری گرینگ بووە، هەروەها بۆتە هۆی جوڵاندنی هەستی چینایەتی و خەڵکێکی زۆری لە دەور کۆبووەوە. ئەمە جگە لەوەی بۆتە هۆی یەکخستنی هەڵوێست و نزیکبونی تێڕوانینی کۆمەڵایەتی بزوتنەوەی هەقە و حزبی شیوعی، بە تایبەتی لە تێڕوانینیان بۆ دادی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی کێشە چینایەتی و ڕەگەزییەکان و زەمینەسازی بۆ هێنانە پێشەوەی ژنان بۆ نێو کایە کۆمەڵایەتییەکان، بەرگریکردن لە چەوساوەکان و دژایەتیکردنی ڕژێمی دەرەبەگایەتی. (جعفەر، ٢٠١٠،٧١).

سەرەڕای نزیکی بزوتنەوەی هەقە لە بنەما و هزری هەڵگرانی بیری چەپ بە گشتی و پێڕەو و پرۆگرامی نێوخۆی حزبی شیوعی بە تایبەتی، چەند هۆکارێکی تریش هەبون، کە هۆکار بون بۆ زیاتر نزیکبونەوە و تۆکمە کردنی ئەم پەیوەندیە. لە گرینگترینیان:

١. تێڕوانینی بزاڤی هەقە کە تێڕوانینێکی شێوە سۆسیالیزمی سروشتی بووە، خۆیان ڕوپۆش کردبو بە تێڕوانینێکی ئایدیالیستی، لە کاتێکدا وێڵی دادی کۆمەڵایەتی و سروتە سۆفیگەریەکان بون(میران ، ٢٠٠٠ ، ٦٤). ئەم بارگاوی بونە بە دادوەری کۆمەڵایەتی، هەمان ناوەڕۆک و ئامانجی پارتە چەپەکان بووە و بە یەکێ لە هۆکاری لێکترنزیک بونەوە دادەنرێت، وێڕای ئەوەی بزوتنەوەی هەقە پاشخانێکی ئاینیانەی تەریقەتی نەقشبەندی هەبووە و کاریگەری لە سەر بیرکردنەوەی پێڕەوانی بزوتنەوەکە و پەیوەندییان بە یەکترو بە ئەوانەی دەرەوەی خۆیان هەبووە، تا وابەستەی بڕیارەکانی تەریقەت و ڕابەری خانەقا بن، ئەمەش پێوەندارێتی پارتایەتی و سیاسەت کردنی لە نێو پێڕەوانی بزوتنەوەکە لاواز کردووە و زۆرینەی کاروچالاکی و بیرکردنەوەیان لە لایەن ڕابەری بزوتنەوەکەوە بڕیاری لێوە دەدرا(دەباغ ، ئابی ٢٠٠٩ ،٦) .

٢. بزاڤی هەقە لە سەردەمی زێڕینی خۆیدا پێوەندی تۆکمەی لەگەڵ زۆربەی جوڵانەوە سیاسی و نیشتمانییە عێراقی و کوردستانیەکاندا هەبووە، بۆ نمونە حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان(عەوالانی ،١٩٨٠ ،١٣)، هەروەها پێوەندی لەگەڵ کەسایەتییە چەپەکانی ناسراوی گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا هەبووە. ئەو پارت و بزوتنەوە و کەسایەتیانە شێوازی بیرکردنەوە و تێڕوانینیان بۆ ئایندەی دەوڵەتی عێراق و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتو، کە یەکسانی و دادپەروەری تێدا بەرقەرار بێت، یەک ئامانج کۆی دەکردنەوە، ئەمەش هەمان تێڕوانینی بزوتنەوەی هەقە بووە. هەرچەندە گومانێک هەیە، ئەم کەسایەتیانە ڕێبەرێکی بزوتنەوەکەی وەک مامەڕەزایان بۆ نێو ململانێ سیاسیەکاندا پەلکێش کردبێت و بزوتنەوەی هەقەیان لە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئاینیەوە بەرەو بزوتنەوەیەکی جوتیاری سیاسی هەڵگری بیروباوەڕی سۆسیالیستی بردبێت.

٣. بەشێکی سەرەکی بزاڤی هەقە بەلای حزبی شیوعی عێراقدا شکانەوە؛ ئەمەش بۆ ئەو کێشە و ناکۆکیە نێوخۆییەی لەناوبزوتنەوەی هەقەدا هەبوون دەگەڕێتەوە (سەبیحەخان، چاوپێکەوتن، ٢٠١١/١/٨)، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئایدۆلۆژیا و شێوازی بیرکردنەوەی پێڕەوانی بزووتنەوەکە هەبو ، بەشێکیان بەلای (پ.د.ک) دا ڕۆیشتن وبەشەکەی تریشیان بونە هەواداری حزبی شیوعی عێراقی (تەیفور، چاوپێکەوتن، ٢٠١١/٥/٨). بەڵام دوای گرتنی مامە ڕەزا لە ساڵی ١٩٤٤ لە لایەن سەعید قەزازی پارێزگاری ئەو کاتەی هەولێر، بارودۆخەکە گۆڕانکاری بە سەردا هات، بزوتنەوەکە بە ئاڕاستەی جوڵەی چەپانە، کە خۆی لە هەڵایسان و زاڵبونی ڕۆڵی شۆڕشگێڕانە دەبینیەوە. چ لەو دروشمانەی، کە بە ناوی ڕەوشتەوە ڕاگەیاندرا، کە خۆی لە برایەتی و هاوبەشی لە کاروکردارو کۆکردنەوەی ئابونە لە ژێر ناوی واجباتدا و هێنانە پێشەوەی ژن بۆ نێو کۆڕوکۆمەڵی بزوتنەوەی هەقە لە سیما دیارەکانی گۆڕانکاری بزوتنەوەکە بون,لە بیری سۆفیگەریەوە بۆ ئایدۆلۆژیای چەپ لە کوردستاندا، تا کار گەیشتە ئەو ئاستەی کورەکانی مامە ڕەزا پەیوەندیان بە حزبە چەپەکانی کوردستانەوە کرد و وەکو کادیر بە شێوەی فەرمی دەستیان بە کارکردن کرد (دەباغ، ئابی ٢٠٠٩، ٦ ).

تێکڕای ئەم هۆکارانە ڕۆڵیان لە ڕاکێشانی بیرکردنەوە و قبوڵکردنی بزاڤی هەقە بۆ لایەنگیری و دواکەوتنی پارتە چەپەکان هەبووە، بۆ نمونە ڕابەری بزوتنەوەکە هانی پێڕەوانی دەدات جێگەی خۆیان لە نێو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعیدا بکەنەوە، بە مەرجێک واز لە ڕەوشت و بنەماکانی هەقە نەهێنن(عەسکەری،٢٠١٠/١١/٧). بەڵام دواتر دەستبەرداری زۆرینەی مەراسیمە ئاینی و سۆفیگەریەکان بون، زۆربەی پێڕەوانی هەقە تەرکی ڕۆژو نوێژیان کرد و لە مەراسیمی حەجیش دور کەوتنەوە.

سەرەتای پەیوەندی بزاڤی هەقە بە شیوعیەکانەوە لەساڵی ١٩٥٢ لە ڕێگەی (گۆرانی شاعیر) بو. بەڵام پاش دەستگیرکردنی گۆرانی شاعیر پێوەندییەکان لاوازییان بە خۆیەوە بینی؛ چونکە سەرەتای پێوەندییەکان لە چوارچێوەی دۆستایەتی و کەسێتیەوە سەرچاوەی گرتبو، بەڵام پاش تێکەڵ بون و شارەزایی پەیداکرنیان سەبارەت بە پێڕەو وپرۆگرامی حزبی شیوعی، مامەڕەزا گوتبوی حزبی حەقیقەتمان دۆزیەوە، بۆیە پێویستە خزمەتی بکەین(ئەحمەد، ٢٠١٠/١١/٢٢) .

لێرەوە بزوتنەوەی هەقە بونە پاڵپشت و پشتیوانی حزبی شیوعی و ڕۆڵیان لە هاوکاری و بەدەنگەوە چونی حزبی شیوعیدا بە شێوەیەکی ئاشکرا دەرکەوت. ئەم تێکەڵبونە ڕێکخراوەییانە ڕێگەی خۆشکردووە بۆ قەبوڵکردنی هەندێک لەو بەهاو بنەمایانەی حزبەکە و ئایدۆلۆژیاکەی کە لە سەری دامەزرا بو. ئێمە شتێکی ئەو تۆشمان لە بەر دەست نییە ئاماژە بن بۆ ئەوەی شیوعیەکان خۆیان هەوڵی هەڵوەشانەوەی ئەو سیستەمە ئاینی کۆمەڵایەتیەیان دابێت، کە بزوتنەوەکەی لەسەر دامەزرابو، بەمەش دەرگای کاریگەربون بە بنەماو بەهاکان، نەک هەوڵی گۆڕینی بنەما بە کرۆک ئاینە تەریقەتیەکان، بە کراوەی مابۆوە.

## ٦. تەوەرەی پێنجەم، ڕەهەندی سۆسیالیزمی بیروباوەڕ و ڕەفتارەکان:

لە ناوچەی سورداش بزوتنەوەی هەقە جۆرە ژیانێکی کۆمۆنی سۆسیالیستی پێکەوە نابو، ئەم بزوتنەوەیە دەیویست پەیڕەوکارانی لە گەڵ هەنوکەی گۆڕانە هزری-کۆمەڵایەتییەکان بگونجێ (مەلا کەریم، ١٩٧٩، ٣). سەرەڕای ئەوەی بزاڤی هەقە بەشێک یان لقێک لە تەریقەتی نەقشبەندی بووە، بەڵام لقێکی گەشەکردوی تەریقەتی نەقشبەندی بووە، کە مەولانا خالید ڕیفۆرمی تێدا کرد بو ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکەی بەهێز ببو. ئەو کۆمەڵگایەی باوەڕی پێهێناوە، هەوڵی گۆڕانکاری ڕیشەی لە کولتور و سیما کۆنەکانی کۆمەڵگای کوردی داوە. ڕەتکردنەوەی شیربای لە پرۆسەی ژنخوازی و دژایەتی ژن بە ژن و گەورە بە بچوک و ڕیفۆرم لە نێو ئایندا لە دیارترین ئەو هەوڵانەن کە بزاڤی هەقە، کاری بۆ کردووە (شەدەڵە، ١٩٨٩).

دروستە ئەگەر بوترێت بزاڤی هەقە لە هەناوی تەریقەتی سۆفیگەریدا لە دایک بووە، پاشان بەرەو سەربەخۆیی ئایدیای هەنگاوی بوێرانەی ناوە، ئەمەش بە خوێندنەوەی

بزاڤی هەقە بۆ رۆژگاری کۆمەڵگای ئەوسای کوردی. ئەو کۆمەڵگەیەی بە دەست دۆگمایی بیری ئاینی و زاڵبون و بەردەوامی هێزە نەریتیە هەژمونگەراکان بە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە دەیناڵاند.

هەقە مەبەستی بووە ئەو بۆشایە فکرییە پربکاتەوە و بەرەنگاری بارودۆخی ناڵەبار و لاسەنگی کۆمەڵگە بێتەوە، هەرچەندە درکیان بەوە کردووە رژێمی پاشایەتی پشکی شێری بەر دەکەوێت لە پاڵپشتی دەرەبەگەکان و چەوساندنەوەی جوتیاران وبێبەش کردنیان لە زەوی گوندەکاندا، بەڵام رەنگە بۆ ئێمەی توێژەر سەخت بێت بزوتنەوەیەک کە باگراوندێکی هزری چەپی نەبو بێت و نوخبەیەکی خوێندوار رابەرایەتیان نەکرد بێت و پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکانییان نەگەیشتبێتە ئەو ئاستەی بتوانن خوێندنەوەی قوڵ بۆ ئایدیا وسیاسەتی رۆژگار بکەن و لە ژێر پرەنسیپی رێکخراودا پراکتیزەی بکەن. بەڵام ئەوانە نەبونە رێگر بۆ تێگەیشتن و خوێندنەوەی ئەو بارودۆخەی جوتیارانی گوندەکان تێی کەوتبون، هەر بۆیە لە هەناوی هەقەدا بیری سۆسیالیستێکی سروشتی لە قۆناغی سەرەتاییدا گەشەی کرد (گدرون، ٢٠١٠/١١/٧).

بزاڤی هەقە تینوگوڕێکی نوێی بە عەقڵیەتی پێشکەوتنخوازانەی ئەوسای گوندنشینانی ناوچەکە بەخشی و لەلایەن جوتیارانەوە پێشوازی ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە کرا، هەرچەندە لە جوغزێکی بچوکی کۆمەڵگای کوردیدا مۆڵی خوارد و هەر یەکە لە کەلتوری شێواوی ئاینی وسیستەمی دەرەبەگایەتی و دەسەلاتی سیاسی لە نێو بێشکەدا بۆسەیان بۆ ئەم بزوتنەوەیە نایەوە و هەوڵی خنکاندیاندا .

هەمو ئەمانەش بۆ ئەوەی سۆسیالیستی سروشتی بەرەو پراکتیکی راستەقینە وەرنەچەرخێ، وسەرەداوی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان نەدۆزێتەوە و ئاشنا نەبێت بە رەوتی رووداوە مێژوییەکان و نەبێتە دەستکەلایەکی تر بە دەست سۆڤیەتییەکانەوە و دواتر ئاستەنگی زۆر بۆ رژێمی پاشایەتی یان ئایدیالیستە بەرژەوەندی خوازەکان و دەرەبەگەکان دروست نەکات.

رەئوف محەمەد زوهدی لە کتێبی (بۆ لە هەقە کەوتنە تەقە) ئەم سەربوردەیە دەگێرێتەوە: "لە گەڵ مدیری ناحیە و هاورێیەکم چوم بۆ گوندی گاپیلۆن لەوێ کەلاوە خانویەکم بینی، کە هی ئاغا بو، کەوا فەلاحەکان لێی هەڵسا بون، دەریان کرد بو، خانوەکەشیان تێکدا بو، دواتر زانیم لە هەقەکان بون، پێموتن ئەم خانووە گەورەیە بە بێگارو شان و قۆڵی خۆتان دروست کراوە، بۆچی روخانتان؟! خۆتان بە کارتان بهێنایە داواتان لە میری بکردایە کە بیکات بە قوتابخانە، یان تیمارخانە باشتر نەبو؟ وا دیار بو کاکی هەقە قسەکەی بە دڵ نەبو لە لالوتێکەوە وڵامی دامەوە، کە زۆر بە زەقی و بە رەقی رەوای چینایەتی تێدا بو، وتی، ئەفەندی، تا ئاغا چاوی لە کۆشک و تەلار بوایە، هەر بە تەمای هاتنەوە دەبو، بۆیە روخاندمان تا جارێکی تر بە تەمای گەرانەوە نەبێت" (١٩٨٤، ٢١). لە حەکایەتەکەدا ئاوێتە بونێک لە نێو باوەری ئاینی دەبینین، کە جیاوازی چینایەتی رەتدەکاتەوە لە گەڵ روحێکی یاخیبون و شۆرشگێرانە، کە کاریگەری لەچەپرەویەوە ئاراستەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی نەریتەکە کرا بو، ئەو وزەیەی بە ژێر دەستە بەخشیبو، توانای بەرەنگاری و رووبەرو بونەوەی چینی سەردەستەکەی هەبێت.

یەکێکی تر لە رەهەندەکانی سۆسیالیستی پراکتیزەکردنی ئابوری هاوبەش و ژیانی وەک یەکی لە نێو پەیرەوانی بزاڤی هەقەدا بووە، ئەمەش لە ماوەی گەشەکردنی بیری تایبەت بە بزوتنەوەکە شێوە سۆسیالیزمێکی سروشتی پێبەخشیووە. ئەوجۆرە سۆسیالیزمە بە شێوەیەکی هەرەمەکی و دور لە پلانی دارێژراو لە نێو پێرەوانی بزوتنەوەکەدا چەکەرەی کردوە، بەڵام بزوتنەوەکە توانی ئەوجۆرە سۆسیالیزمە بکاتە پێرەو و بنەمای کارەکانی بزاڤەکە و پیادەی ئەو پرەنسیپانە لە سەر ئەرزی واقیعدا بکات، بە جۆرێک کە لەگەڵ ئاستی وشیاری ئەو کاتەی کۆمەڵگای کوردی و رادەی وشیاری و توانای بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی رۆژانەی تاک و خێزاندا یەکبگرێتەوە، هەروەها هەمو هاوڵاتیەک بە پێی پێداویستی خۆی لە پرۆسەی هاوبەشی ئابوری و پێکەوە ژیانی وەک یەک ئاسودە بژین (مەلا کەریم، ١٩٧٩، ٢٣)، (قەرەداغی ، ١٩٩٤ ،٣٧).

## ٧. تەوەری شەشەم، حەمەسور لە نێوان سۆسیالیزمی سروشتی و سۆسیالیزمی رادیکاڵانەدا:

هەڵپەی حەمە سور بۆ گۆرانکارییە کۆمەڵایەتیەکان بەرەنگاری توندی کۆمەڵایەتی لێکەوتەوە، پێکدادانە کۆمەڵایەتیەکان سنوری نێوخۆی گوندەکانی تێپەراند وباس وخواستی حەمە سور بە دەڤەرو گوندەکانی هاوسێی کلاوقوتدا بڵاوبونەوە.حەمەسور لە زەمینی کۆمەڵایەتیدا وێنا دەکرایەوە و بە ئاراستەی جیاواز دەخوێندرایەوە، ئەمەش رێگەی بەوە دەدا لە نێو خەیاڵی کۆمەڵایەتیدا، بە پێی چۆنێتی گێرانەوەی کەسێتی و رۆڵی، ئاراستەی چۆنیەتی تێگەیشتن لەو کەسێتیەی بکرێ؛ کەسێتیەکی خوازراو و وتراو بوبێت، یانیش وەک دژە ئاین و کافر و "مارکسی" سەرە دەری لە گەڵدا کرا بێت. لە هەر دو باردا و ئاکامی ئەو گێرانەوانە سەرنجراکێشانی دەسەڵاتداران بووە، بۆ حەمەسورو جوڵە و بزاوتەکانی لە نێو هەقەکاندا، تا دەنگ و باسەکان گەیشتنە نێو دەرباری حکومەتی عێراقی و تێکەڵبون بە کاری دادگاکان و پەلکێش کردنی حەمە سور بۆ یەکلا کردنەوەی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی دەکران. تاوانبارکردنی حەمەسور کە لە روسیاوە هاتووە و بیرورێبازی کۆمۆنیستی و سۆسیالیزم بڵاودەکاتەوە و هەوڵی کۆنترۆڵکردنی عێراق دەدات (تۆفیق ،٢٠١٠، ١٨٤). جگە لە بانگەشە کردن بۆ پێکەوە ژیان و گوزەران کردن و کۆکردنەوەی بەرهەمەکان و دابەشکردنی بە شێوەی یەکسان بە سەر پێرەوانیاندا، ئەمەش بە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی حزبی شیوعی دادەنرێت، کە حەمەسور لە چوار چێوەی گوندێکدا هەوڵی جێبەجێ کردنی داوە (رفیق ،١٩٩٩ ، ١٦٦)، هەرچەندە جێگەی گومانە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی فەرمی لە نێوان حەمەسور و حزبی شیوعیدا هەبو بێت، لەم بارەیەوە حەلاوەخان (یەکێک لە ژنەکانی حەمەسور)ە دەڵێت، "حەمەسور سەرقاڵی سەرپەرشتی کردنی کارەکانی رۆژانەی گروپەکەی بووە، زۆربەی ئەو دەنگۆیانە تەنها بۆ تۆمەتبار کردنی حەمەسور بون. حەمەسور گرنگی بە پەیوەندییە دەرەکیەکان نەداوە و تەنانەت بۆ سەردانی شاری کەرکوکیش کەسێکی راسپاردبو بە ناوی حەسەنی زێنێ بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی رۆژانەی ئەو خێزانە گەورەیە دابین بکات (حەلاوەخان، ٢٠١٠/١١/٧) .

بەڵام بنەما وپرەنسیپە سەرەکیەکانی سۆسیالیستی بە رونی لە نێو پێرەوانی گروپی حەمەسوردا چر بۆتەوە، شەوانە دوای پێشکەشکردنی چەند وتەیەکی ئامۆژگاری و رێنمایی و چارەسەری ئاستەنگەکانی رۆژانەو کێشەو بەربەستەکان، بەرنامەی رۆژی داهاتویان دادەرێشت و کاری هەر یەکەیان دەستنیشان دەکرا، بێئەوەی هیچ کەسێک فەرامۆش بکرێت، بە خودی حەمەسورەوە هاوشێوەی پێرەوانی کاروباری بۆ دەستنیشان دەکرا. بۆ هەر کەسێک کاری خۆی بە پێی لێهاتویی دیاری دەکرا، بۆ ژنان کارێکی تایبەت بە ژنان و بۆ پیاوانیش کارێکی تری شایستە بە خۆیان. (باخەوان، ٢٠٠٧، ٦٧). لە گرینگترین کارەکانیش کشتوکاڵ و شوانکارە و جوڵایی

وکورتان دورین و تەسبیح دروستکردن و لیفکە و داهێنان و چەقۆ تیژ کردن...جیاوازی لە نێوان پەیڕەواندا بەدی نەدەکرا و ژیانێکی هەرەوەزی سادەیان لە گوندێکی دوورە دەست پێکهێنابو، کە بە هیچ شێوەیەک بۆنی شارستانیەت و ژیانی شاریان پێ نەگەیشت بو(شوانی فریاد، ١٩٩٩، ٥٧، باخەوان، ٢٠٠٧، ٦٨)

حەسەنی زێنێ بە پلەی دووەم دێت لە دوای حەمە سور کە کاروباری دەرەوەی بۆ خانەوادەی حەمەسورو پێڕەوانی لە شاروشارۆچکەکان بەڕێوە دەبرد، وەک کڕینی پۆشاک و دابین کردنی خۆراک بۆ تێکڕای خێزانەکان، بە پێی پێویست سەردانی ناحیەی شوان و پارێزگای کەرکوکی دەکرد و کاروبارەکانی ئەو گروپەی بە ڕێوە دەبرد. ساڵانە دوجار پۆشاکی بۆ تێکڕای پەیڕەوانییان دەکڕی و بە یەکسانی بە سەریاندا دابەش دەکران (چاوپێکەوتن، ١٩٨٦).

لە نێو پێڕەوانی حەمەسوردا هاوبەشی لە ماڵ و سامان و زەویدا پیادە کراوە، لە ئاست پێداویستی و داخوازیەکانی یەکتردا خۆیان بە خاوەن ماڵ زانیوە و توانیویانە بە هەرەوەزی و هەماهەنگی کارە سەخت و دژوارەکان تێپەڕێنن (سوڵتانی، ٢٠٠٣، ٢٥٩-٢٦٠). ئەو متوربەبونە ئایدۆلۆژیانەی بزوتنەوەی هەقە بە سۆسیالیستی، ڕەنگیداوە لە بانگەشەی دادپەروەری و دژایەتیکردنی هەمو جەورو ستەمێک (میران، ٢٠٠٠، ٦٠)

بە پێی وێنە گشتیەکەی ئەو سەردەمە، ئەوە دەزانین بژێوی تاک لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی زۆر خراپ بووە، تەنانەت لە بەر نەبونی ئەم گروپەی حەمەسور وازیان لە چا خواردنەوە هێناوە، گوایە شێخ عیبدولکەریمی شەدەڵە ئامۆژگاری کردون چا نەخۆنەوە و جگەرە نەکێشن، حەمەسوریش وەکو وەفایەک ئەو وەسێتەی شێخ عەبدولکەریمی جێبەجێ کردووە. (عەلی، ١٩٨٣، ٦). بەمەش تێکەڵەیەکی لە نێوان نەبونیو خۆ گونجاندنی کۆمەڵایەتی دروستکردووە، لە میانەی گرێدانی بە ڕەهەندە مێژوییەکەی بیروباوەڕەوە.

حەسەنی زێنێ لە چاو پێکەوتنێکدا، کە لە ساڵی ١٩٨٦ تۆمارکراوە دەڵێت لە بەر سەختی بارودۆخی ئابوری و خراپی و سەختی گوزەران وازمان لە چا خواردنەوە و جگەرە کێشان هێنا ئەمەش بە مەبەستی کەمکردنەوەی خەرجییەکان، بەڵام کاتێک میوانمان دەهات چامان پێشکەش دەکردن.

عومەری فاروقی لای وایە ئەمجۆرە گروپانە دەستچێنی ئینگلیزەکان بووە، بە مەبەستی دەست بەسەراگرتنی نەوتی کەرکوک ئەو گروپە کۆمەڵایەتیانەیان دروست کردووە (١٩٩٢، ١٥).

سەرەڕای ڕەتکردنەوەی هەمو پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لە گەڵ حزبی شیوعی، بەڵام خاڵی هاوبەش لە نێوان شیوعیەکان و حەمەسوریەکاندا هەبووە، ئەمەش ڕەنگە لەو سۆنگەیەوە بێت هەردو لا خۆیان بە خاوەنی بانگەشەی سۆسیالیزمی دەزانن. بەڵگەش بۆ ئەمە، دڵزار لە گۆڤاری ڕۆشنبیری کوردستاندا دەگێڕێتەوە کاتێک سەرگوزشتەی سەردانی خۆی بۆ گوندی کڵاوقوت و دیداری لە گەل حەمە سوردا باس دەکات دەڵێت "کاتێک چومە هۆڵەکەی حەمە سورەوە شەش حەوت پیاو و چوار ژن سەرقاڵی چنینەوەی تەزبیح بون، بە چونە ژورەوەی ئێمە ژنەکان هۆڵەکەیان جێهێشت، حەمەسوریش وتی بۆ دەڕۆن ئەمانە شیوعین، ژنەکانیش بە ژێر لێوەوە وتیان ئێنجا با شیوعی بن". (دڵزار، ٢٠٠٢، ٢٧)

گێڕانەوەی دڵزاری شاعیری چەپڕەو بۆ ئەوەیە بڵێ حەمەسور هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بێ چینایەتی داوە، کە عەدالەتی تێدا بەرجەستە بکرێت، ئەمەش لەوەدا دەبینین کە وەبیرمان دێنێتەوە کاتێک لێیان پرسی بو تۆ لە سەر دۆشەکی نەرم دانیشتویت و موریدەکانت لە سەر لبادی ڕەق، ئەمە چ عەدالەتێکە؟!

لە وڵامدا وتی، ئێوەش وەرن لە سەر دۆشەک دانیشن، ئێوە زانان هەقتان هەیە.

یەکێک لە ڕابەرانی بزوتنەوەی هەقە دەڵێت: گروپی حەمەسوریەکان وەک یەک خێزان ژیاون، کاروبارەکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکردووە، بەروبومەکانیان کۆکردۆتەوە و کردویانە بە پارە و لە سندوقێکدا کۆیانکردۆتەوە، وەک یەک خواردنیان خواردووە و هەمان جلوبەرگیان لەبەرکردووە، هەرکاتێک پێویست بکات پارەی پاشەکەوتکراویان بە کارهێناوە. (بەهرۆز، ٢٠٠١/١٢/٢٤).

ئەمە ئەو بۆچونە بەهێز دەکات کە حەمە سور لە بنەڕەتدا باوەڕی بەو سۆسیالیزمە نمونەییە نەبووە لە نێو گروپەکەیدا جێبەجێ بکرێت، هەرچەندە باس لەوەش دەکرێت کە هەقەکان باوەڕییان بە موڵکداری تایبەت نەبووە و پشتگیری جوتیارانیان کردووە و دژی چەوسانەوەیان وەستاونەتەوە (سمکۆ، ٢٠١١، ١٣٤).

ئەو ڕەخنانەی لە تێگەیشتنی سۆسیالیزمانەی حەمەسور دەگیرێت بریتین لە:

یەکەم: (زوهدی) لای وایە حەمە سور ئەگەر بەکردار باوەڕی بە وەک یەکی و مانەوە و درێژەدان بە مانای خێزانی بەختەوەرو دادپەروەری هەبووە، بۆچی ڕێگەی لە منداڵ بوون گرتووە؟ (١٩٨٤،١٤٩) گروپی حەمە سوری کڵاوقوت لە گوندێکدا سی خێزان پێکەوە ژیاون ونەوەیان نەخستۆتەوە، بەڵام پێڕەوانیان لە گوندو شاروشارۆچکەکانی تردا ژیاون منداڵیان هەبووە، هەرچەندە خودی حەمە سوریش بەر لەوەی کۆچ بۆ ئەو گوندە بکات کوڕێک و کچێکی هەبووە.

دووەم: حەمە سوری کڵاوقوت چوار خێزانی هەبووە، کە سیانیان جیاوازی تەمەنیان زۆر بووە لەگەڵ حەمەسوری هاوسەریاندا، تەنانەت دوانیان ئێستاش لە ژیاندان، لە کاتێک حەمە سور لە (١٩٨٦) وە کۆچی دوای کردووە. ئەمەش ڕەخنەیەکی ترە ئاڕاستەی ئەو ڕابەرە دەکرێت کە بۆ خۆی ژیانی ئاسودەی فەراهەمکردووە لە سەر حیسابی پێڕەوانی و چی پێ خۆش بووە ئەنجامی داوە، تەنانەت ئەگەر هەر یەکێ لە پێڕەوانی ویستبێتی دەستبەرداری بێت پێیوتووە دەبێت دەست بەرداری ژنەکەت بیت و ژنەکەت لە نێو گروپەکەدا بمێنێتەوە. (حەلاوەخان، ٢٠١٠/١١/٨).

### ٨. تەوەرەی حەوتەم، ڕەنگدانەوەی پرەنسیپی پارتە چەپگەراکان لە نێو بزوتنەوەی هەقەدا:

**یەکەم، برایەتی:** مامە ڕەزا هەوڵیدا دیسپلین و پرەنسیپێکی نوێ بۆ کۆکردنەوە و پارێزگاری کردن لە ڕیزەکانی بزاڤی هەقە دیاری بکات، کە ببێتە ئەلتەرناتیڤ بۆ درێژەدان بە کاری براگەورەکەی و پاراستنی پەیرەوانیان لە ترازان و دابڕان، بۆ ئەو مەبەستە پەیرەوێکی دانا و ناوی نا برایەتی (شێخ عیزەدین، ١٧/ ٩/ ٢٠٠٢).

ئەمجۆرە بەرنامانە لە پارتە چەپگەراکاندا بونی هەیە و هەڵگری شێوازێک لەو کولتورەن، بۆ ئەوەی جۆرێک لە پەیوەستەگی و وابەستەی لە نێو ڕیزەکانیاندا دروست بکەن بانگەشە بۆ برایەتی، یان هاوڕێیەتی و هەڤاڵێتی... چەندین دەستەواژەی لەو جۆرەییان پراکتیزە کردووە(عەسکەری، ٢٠١٠/١١/٧)، بەڵام لە نێو گروپ و تەریقەتە سۆفیگەریەکاندا ئەمجۆرە کارانە بونی نەبووە، تەنها دەروێش و سۆفی یان دەستەواژەی ئاینی وەکو فەقێ فڵان و مەلا فلان بەکارهێنراوە.

بزاڤی هەقە ئەو جۆرە لە مامەڵەی لە گەڵ پێڕەوانیدا گۆڕی، ئەمەش بەهۆی ئەو دەنگۆیەی بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە لە لایەن شێخ ئەحمەدی سەرداری باپیرەگەورەی تەریقەتەکەوە وەسیەت کراوە دوای حەوت پشت پێویستە کۆتای بە

تەریقەت بەخشینەوە بهێنرێت، لە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەش کۆتای بەو زنجیرەیە دێت.

بۆچونێکی تر هەیە لای وایە دوای کۆچی دوای براگەورەکە، برا بچوک کە مامەڕەزا بووە ڕێبازەکەی بەرەو سیاسی گۆڕیوە و هەوڵیداوە لە گەڵ بنەماکانی چەپگەرایی و فەلسەفەی سۆسیالیزمی یەکانگیریان بکات، بۆیە پرەنسیپەکانی بزاڤەکەی لە سەر شێوازی پارتە چەپەکاندا ڕێکخستەوە. بۆنمونە گروپی بچوکی بۆ بزاڤەکە داهێنا و ناوی نا برا سەیارەکان، کە بە گوندو ناوچە جیاوازەکاندا دەسوڕانەوە و بانگەشەیان بۆ ڕێبازەکەیان دەکرد، هاوشێوەی کادیری گەڕۆکی پارتە سیاسیەکان، کە خەڵکیان بۆ خەبات و بەرەنگار بونەوە جۆش دەدا( ساڵح ١٩٩٧/٨/٢١) .

برایەتی لە دیدی پێڕەوانی بزاڤی هەقەدا بە مانای ڕەفتاری برایانە و چاندنی گیانی تەبایی و برەودان بە خۆشەویستی و وەفاداری بۆ یەکتری دێت، بە مەبەستی ڕەخساندنی ژیانێکی بەختەوەری بۆ پێڕەوانییان و گرێدانی ئەم دەستەواژیە بە ژیانی ڕۆژانەی سۆفیەکانی بزاڤەکەوە بە ئامانجی دروستکردنی خێزانێکی گەورەی سۆفیگەری و کەمکردنەوەی جیاوازیەکان و لە ناوبردنی جیاکاری چینایەتی. (میران، ٢٠٠٠،٦٥؛ سوڵتانی، ٢٠٠٣، ٢٥٨)

هەڵبەتە برایەتی بەو مانایە نەهاتووە، کە ڕەگەزی مێینە فەرامۆش بکرێت، لە نێو بزوتنەوەی هەقە دا بە ژنەکانیان وتووە، خوشکەکەکان و چەندین ژنی دیار و هەڵکەوتویان هەبووە وەک خوشکە فاتم و خوشکە خەدیجەو هتد... جیاوازی ڕەگەزی بەراورد بە تەریقەتە سۆفیگەریەکانی تر کەمتر بووە، (ڕەسول، ١٩٨٥، ٢٤) تەنانەت ژنەکان لە نێو کۆروکۆبونەوەکاندا پێگەیان پارێزراو بووە و گوێبیستی ڕاو سەرنجیان بونە، لە کارو فەرمان و ئەرکەکانی سۆفیگەریدا بەشدارییان پێکردون، تا کار گەیشتبووە ئاستێک بە ئیباحی و ژن پەرست و چەندین دەستەواژەی تر تۆمەتبار دەکران. بە پێی گێڕانەوەی شایتحاڵەکان بێت، جیاوازی چینایەتی لە نێوان بزاڤەکەدا بەراورد بە لقەکانی تری سۆفیگەری زۆر کەمتر بووە، شێخ و ڕابەرەکانی ئەم بزاڤە سادە بونەو تێکەڵ بە پێڕەوانیان بونە، لە خۆشی و ناخۆشیەکانیاندا بەشدارییان کردووە، لە بەژەوەندییە ئابورییەکان خۆیان پاراستووە (زەند، ١٩٧١، ٨٦) .

**دووەم ئەرکەکان (واجبات):** یەکێکی تر لەودیاردانەی کە بزوتنەوەی هەقە لە پارتە چەپ و سۆسیالیستیەکان نزیک دەکاتەوە وەرگرتنی برێک هاوکاری بووە لە پەیرەوانیان بە ناوی واجبات، ئەم برە هاوکاریە بە پێی توانای خێزانەکە بەخشراوە بە خانەقا بۆ ئەوەی کاروبارەکانی ڕۆژانەیان بۆ ئەنجام بدەن، ئەم دیاردەیەش لە سەردەمی مامەڕەزادا پراکتیزە کراوە، ئەمەش جۆرێکە لە ئابونەی پارتەکان کە لە ئەندامەکانیان مانگانە کۆی دەکەنەوە و دەیبەخشن بە سەروی خۆیان، ئەم برە هاوکارییە لە نێو بزاڤی هەقە ڕێژەکەی دیاریکراو نەبووە و لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی تر بە پێی توانای ئابوری گۆڕاوە، ئەو خێزانانەی توانای پێدانی پارەیان نەبووە، بە پیتاک و کەلو پەل و خۆراک و پێداویستی ڕۆژانە هاوکاری خانەقا و ڕابەرەکانیان کردووە(زەند، ١٩٧١، ٨٦).

بۆ نمونە خانەوادە هەبووە، توانا ئابوریەکەی لاواز بووە، تەنها توانیویەتی تەشتێک نان دروست بکات و بینێرێت بۆ خانەقا یان چەند هێلکەو قاپە ماستێکی بەخشیووە. ئەمە بۆتە کلتور تەنانەت تا نەوەدەکانی سەدەی ڕابردو پێڕەوانی بزاڤی هەقە کاتێک سەردانی ماڵی یەکتریان دەکرد بە مەبەستی مانەوە و نان خواردن، چەند کەس بونایە هەر یەکە و دەست و دیارییەکی دەکڕی و لە گەڵ خۆیدا بۆ ئەو خانەخوێیەی دەبرد، زۆر جار لەوە زیاتریان پێشکەش دەکرد کە بۆیان ئامادە دەکراو و دەخرایە پێشیان، ئەمەش گیانی هاوکاری و خۆشەویستی لە نێوانیاندا دروست دەکرد و باری سەرشانی خانەخوێکانی سوکتر دەکرد. (العزاوی، ١٩٧٤، ٢٢٩).

**سێیەم، خوشکان:** ژنان لە نێو پەیڕەو وپرۆگرامی پارتە سیاسیە کوردییەکاندا پێگەی گرنگ و ڕۆڵی دیار و شوێنی تایبەتیان بۆ دەستنیشانکراوە، بەڵام لە جێبەجێکردن و ڕاکێشانی ژنان بۆ نێو کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و فەرهەنگیدا سەرکەوتو نەبون و نەیانتوانیوە ڕێژەیەکی پێویست لە ژنانی بە توانا ولێهاتو لە نێو ڕیزەکانی خۆیان کۆ بکەنەوە. زۆرینەی ژنان لە نێو ئەو کایە سیاسیانەدا بزرن و شوێن پەنجەیان دیار نییە .

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم کاتێک کۆمەڵگای کوردی لەوپەڕی چەق بەستویی کولتوری دابووە، بزاڤی هەقە بە ڕێچکەشکێنی ئەو بوارە ئەژمار دەکرێت؛ چونکە یەکێک لەو گۆڕانکاریانەی بە سەر هزری سیاسی-کولتوریی کوردیدا هات هاوسەنگی جێندەری بو لە کاری سیاسیدا، ئەمەش وایکرد شوێنی تایبەتیان بۆ دەست نیشان بکرێت، بە ڕێزەوە مامەڵەیان لە گەڵدا کرا، لە کۆڕو کۆبونەوەکاندا بەشداریان پێدەکرا، لە گوندەکاندا کران بە سەرپەرشتیاری تەکیەکان و براکان ڕاسپێردران کە فەرمانی خوشکە ناسراوەکان جێبەجێ بکەن.

بۆ نمونە لە کۆی (٨٠) سەر تەکیەی سەر بە بزاڤی هەقە (١١) سەر تەکیە درا بو بە خوشکەکان، خوشکەکان خانەقایان بە ماڵی خۆیان دەزانی، تەنانەت هەندێکیان تا کۆتای مردنیان لە خانەقا مانەوە و خزمەتیان بە ڕێبازی هەقە کرد. براکان سنوردار کرا بون بۆ ئەوەی زۆر فشار بۆ خوشکەکان نەبەن، مەلیک حسین سلێمان یەکێک لە پێڕەوانی بزاڤی هەقە دەڵێت خوالێخۆش بو خوشکە فاتم کە ناسیاوییان لەگەڵ ئێمەدا هەبو، کاتێک سەردانی دەڤەرەکەی ئێمەی دەکرد پێکەوە دادەنیشتین و گفتوگۆی زۆرمان دەکرد، هاوشێوەی سەرکردە مامەڵەی دەکرد، فەرمانی دەدا، کەس پێشێلی فەرمانەکانی نەدەکرد، دەنگی بەرز دەکردەوە، خۆی لە هیچ کەس بە کەمتر نەدەبینی. سەرسام بو بە ڕابەرەکانی خۆی، بە تایبەت مامەڕەزا، کاتێک سەرگوزشتەی خۆی لە گەڵ مامە ڕەزا بۆ دەگێڕامەوە دەگریا، سەردانی زۆرینەی خانەوادە هەقەکانی دەکرد و چەندین شەو دەمایەوە بە ڕێزەوە گوێیان بۆ دەگرت، لەسەری مەجلیس دادەنیشت، زۆرجار سەرزەنشتی ژنەکانی دەکرد کە خۆیان پێ لاوازە و ڕۆڵی خۆیان نابینن، وتەی ڕابەرەکانی بۆ دەهێنانەوە. (چاوپێکەوتن، ٢٠١٩/١٢/٢٠). وەنەبێت بۆ بزوتنەوەیەک کە سروشتێکی کۆمەڵایەتیانەی وەرگرتبو و ئاسان بێ بۆ دەوروبەرەکەی، ئەوانەی لە نێو سیستەمە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکاندا هێشتا قەتیس مابون، قەبوڵی گۆڕینی ڕۆڵی نەریتیانەی ژن بۆ ڕۆڵێکی جیاواز بکەن و ئاسان بێت بۆیان لەو کرانەوە کۆمەڵایەتیەی ئەم گرۆ ئاینیە بە سەر ژندا بکەن. بۆیە ئاسایی بو بابەتێکی ئاوا وەک ئامرازێکی هێرشکردن دژ بە هەقەکان بەکار بهێنن و تۆمەتی ڕەفتاریان بخنە پاڵ.

ئەم گرنگیدانە بە ڕۆڵی ژنان پیاوانی ئایینی نیگەران کرد و بە پێشێلکردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و شکاندنی کلتوری کوردەواری تۆمەتباریان کردن، تەنانەت هێرشی جۆراو جۆریان بردنە سەر، بە ئیباحی وزیناکەرو بێڕەوشت و لە دین دەرچو ئەژماریان دەکردن، سڵیان لە هیچ تۆمەتێک نەدەکردەوە.

هەرچەندە شاکر فەتاح کە بەرێوبەری ناحیەی ناوچەی هەقەکان بووە، دەڵێت زۆر گوێبیستی ئەوە دەبوم، کە بزاڤی هەقە کاری ناشایستە ئەنجام دەدەن و لە ژنی یەکتر ناگەڕێنەوە، بەڵام چەند جارێک لە کاتی جیاوازدا سەردانی خانەقای کلکەسماقم کردو

هیچ دیاردەیەکی نەشیاوم بەدی نەکرد کە شایەنی باس بێت .
ژنان کە لە نێو بزاڤی هەقەدا بە خوشکەکان ناو دەهێنرێن، لە پیاوان خۆیان نەپارستووە، تەنانەت ئەگەر لە نزیک یەکەوە خەوتبێتن پێیان ئاسای بووە و لایان وابو کە چەند کێویەک لە نێوانیاندایە، ئەمەش بۆ ئەو ئیرادەو متمانەیە دەگەڕێتەوە کە لە هەناوی خوشکەکاندا بنیادنراوە.
خوشکەکان لە بۆنەو مەراسیمەکاندا تا ئێستاش بەشداری کاریگەریان هەیە و خۆیان لە تەوقە و نزیک بونەوە و دورە پەرێزی لە پیاوان ناپارێزن، زۆرینەیان یەکتری دەناسن بە پێکەنین و خەندە و خۆشحاڵییەوە پێشوازی لە یەکتری دەکەن. ئەم خەندە و پێشوازیانە بۆ کەسێک ئاگاداری هەستی نێوخۆی و رایەڵی کۆمەڵایەتی هەقەکان نەبێت گومانی خراپ دروست دەکات، چونکە ئەمجۆرە لە مامەڵە کردنە لەلایەن پیاوانی ئاینی ڕێگە پێنەدراوە.

## ٩. ئەنجامەکان:

لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان بو بیسەلمێنین کە بزاڤی هەقە وەکو بزاڤێکی سۆسیالیست و چەپگەرایی لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا ڕۆڵی خۆی بینیوە، لە نێو دۆگمای کەلتوری کوردیدا پێچەوانەی شەپۆل سەوڵی خۆیان بە ئاراستەی گۆڕانکاری دابونەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی لێداوە، لە کاتێکدا دەست بردن بۆ گۆڕانکاری لەو جۆرانە بڤە و یەساغ بووە، بەڵام لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەسپی خۆیان تاو داوە و سەرکەوتوانە هەنگاو بە هەنگاو پرەنسیپەکانی سۆسیالسیتی بە بەرگی سۆفیگەری لە پانتایی کوریدا جێبەجێ کردووە، ڕەنگە ئەمجۆرە لە سۆسیالیستی و هەڵبژاردنی وەک یەکی پەیوەندی بە هزری سۆفیگەری و ئاینە کۆنەکانی رۆژهەڵاتەوە هەبوبێت، کە تاکو ئێستاش کاریگەرییان لە نێو کۆمەڵگاکانی ناوچەکەدا ماوە، وەک ئاینی زەردەشتی و مەزدەکی و مانەوەی و چەندانی تر، کە دواتر لە تەریقەتە سۆفیگەریەکاندا بنەماکانی ئەم ئاینانە دەردەکەوتن، وەک سوهرەوەردی، کە بە جۆرێک لە بەستنەوە یان تێکەڵکردنی فەلسەفەی یۆنانی و زەردەشتی تەماشا کراوە. دەکرێت لە چەند ئاستێکدا گوزارشت لەو ئەنجامانە بکەین کە بزاڤی هەقە دەستی بۆ بردووە تا ڕادەیەکیش هەنگاوی بۆ نا:

١. لە بواری کارکردنی پێکەوەیی هەرەوەزی لە کارکردندا بزاڤەکە سەرکەوتوانە ئەنجامی داوە، ڕەنگدانەوەی لە سەر زۆرینەی وێستگەکانی ئەم بزاڤە ڕەنگی دایەوە، ژیانی وەک یەکی لە نێو زۆرینەی خێزانەکاندا فەراهە مکراوە، ڕەنگە زیادەڕۆی نەبێت، ئەگەر بوترێت بۆ ناوەڕاستی سەدەی بیستەم هیچ گروپێکی لەو شێوەیە کە فۆرمەڵەی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و بارگاوی ئاینی بوبێتن و کاری لەم جۆرەیان ئەنجام دابێت.
٢. لە بواری هێنانە پێشەوەی ژنان بۆ نێو کۆمەڵگای کوردی لە ئاستی جیاوازدا کاریان ئەنجام داوە، گۆڕانکاریەکان لە نێو پێڕەوانی هەقەدا ئەنجامدراو ڕەخنەی توند لەو دابو نەریتانە گیرا، کە کۆمەڵگای کوردی پیادەی دەکرد وەک ژن بە ژن و گەورە، بە بچوک و شیربای و کوشتن لە پێناوی شەرەف و چەندین دابو نەریتی تر، جگە لەوەی گرنگی بە ژن درا، تا ئەوەی گیانی سەرکردەی تێدا دروست بکرێت و چەند نمونەیەک لەو شێوەیە لە نێو بزاڤەکەدا دەرکەوتن.
٣. لە بواری چەپگەرایشدا، هەرچەندە بزاڤەکە فرچکی بە سۆفیگەری گرتبو، بەڵام لە گەڵ گەشەکردنی بیری چەپ لە عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، ئەم بزاڤەش کەوتە ژێر کاریگەری فەلسەفەی چەپگەرانەوە، بە شێوەیەک کە زۆرینەی کەسە دیارەکان بە ئاشکراو بە نهێنی بونە بەشێک لە پارتە چەپڕەوەکانی باشوری کوردستان.

## ١٠. لیستی سەرچاوەکان


بابان، جمال، ٢٠٠٩، اعلام الکرد، ط٢، السلیمانیة.

باخەوان، هاوڕێ، ٢٠٠٧، ئاڵای کورد، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

بطاطو، حنا ،٢٠٠٥، العراق، ت، عفیف الرزاز، ط١، تهران .

بۆسکانی، عەلی. ، ١٩٨٥، بۆ لە هەقە کەوتنە تەقە، چاپخانەی الحوادث، بەغداد.

بێلاف، عبدولرەحمان، ٢٠٠٢، تەریقەتی نەقشبەندی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ب٢.

بەرهەم، شێخ عیزەدین ،٢٠٠٢ /٩/١٧، گوندی کەلکەسماق و بزووتنەوەی حەقە، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە، ٢٢٦٩.

تەوەکلی، محەممەد رەئوف.، ٢٠٠٠، مێژووی سۆفیگەری لە کوردستان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە، ١٥.

تەیفور، عارف، ٢٠٠٢، تەریقەتی نەقشبەندی لە شێخ ئەحمەدی سەرداروەوە بۆ هەقە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە، ٦٩.

تۆفیق، ڕێبوار حەمە، ٢٠١٠، کۆمەڵی هەقە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

جەعفەر، فازیل کەریم ئەحمەد، ٢٠٠٩، ئیدارەی کوردی ئاستەنگ و ئاسۆی گەشەکردن، چ١، چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.

جەلال، دەباغ، ٢٠٠٩، لە دەفتەری یادگاریدا مامە رەزاییەکان یان برایانی هەقە و هەڵوێستی جوامێریان، گۆڤاری چیا، ژمارە، ٧٤.

حمدي، أيمن ،٢٠٠٠، قاموس مصطلح الصوفية، دار قباء للطباعة والنشر، حجاز.

الخرسان، صلاح، ١٩٩٣، صفحات من تاريخ الحركه الشيوعية في العراق، ط١، بيروت.

الخرسان، صلاح، ٢٠٠١، صفحات من تاريخ العراق السياسي الحديث، الحركات الماركسية١٩٢٠-١٩٩٠، بیروت .

دڵزار، ٢٠٠٢، دەمەتەقێیەک لە گەڵ حەمەسوری رابەری هەقەکاندا، گۆڤاری ڕۆشنبیری کوردستان، چاپخانەو ئۆفیسی هەولێر، هەولێر، ژمارە، ٧.

دلزار، احمد، ٢٠٠٢، لمحات من تاريخ الحزب الشيوعي العراقي، بغداد.

دەباغ، جەلال، ٢٠٠٩، لە دەفتەری یادگاردا مامەڕەزا یان، برایانی هەقە، و هەڵوێستی جوامێرانەیان، گۆڤاری چیا، ژمارە، ٩٤.

ڕۆژبەیانی، محەممەد جەمیل، ٢٠١٠، بنەماڵەی خانەقا لە کەرکوک، گۆڤاری دۆز، ژمارە، ١.

رەسول، عزەدین مستەفا، ١٩٨٥، سۆفیزم لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە، ١٠٧.

رەسول، عزەدین مستەفا، ١٩٨٥، سۆفیزم لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە، ١٠٧.

زوهدی، محمد رەئوف، ١٩٨٥، بۆ لە هەقە کەوتنە تەقە، چ١، چاپخانەی الحوادث، بەغداد.

زەند، کەریم، ١٩٧١، ئاین وباوەڕ لە کوردستان، چاپخانەی کامەران سلێمانی.

زەند، کەریم، ٢٠٠٦، ئاینستان، چ١، چاپخانەی ئەزمەر، سلێمانی.

ساڵح، حاکم، ١٩٩٧، بزووتنەوەی هەقە لە دەم کەلی کەلکە سماقەوە، گۆڤاری هامون، ژمارە، ٥٤.

ستەزینی، عەزیز، ٢٠٠٦، جولانەوەی رزگاری نیشتمان کوردستان، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی.

سکۆ، بەهرۆز ،٢٠٠١/١٢/٢٤، هەقەکان ئێستاو رابردویان گفتوگۆیەک لە گەل هاوڕێی کاکە حەمەدا، هەفتەنامەی هاولاتی، ژمارە، ٥٣.

سولتانی، محەمەد عەلی، ٢٠٠٢، بزاڤی حەقە لە کەرکوک، گۆڤاری کەرکوک، چاپخانە وئۆفیسی ژیار، ژمارە، ١٥.

شریف، عبد الستار طاهر، ١٩٩٢، کۆمەڵە و رێکخراوو حزبە کوردیەکان لە کوردستانی عێراقدا، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە، ١٢٩.

شوانی، فریاد، ١٩٩٩، یەکێک لە رابەرانی بزوتنەوەی هەقە- کاکە حەمەسوری کلاوقوت، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، چاپی دەرەوە، ژمارە، ٦٩.

شێخ بزێنی، قارەمان نادر، ٢٠١٣، بزووتنەوەی هەقە، چاپخانەی شهاب، هەولێر.

شێخ عزەدین، بەرهەم، ٢٠٠٦، گوندی کەلکەسماق، رۆژنامەی خەبات، ژمارە، ٢٢٧٠.

شێخ عزەدین، بەرهەم، ٢٠٠٦، گوندی کەلکەسماق، رۆژنامەی خەبات، ژمارە، ٢٢٧١.

شەدەڵە، دانا، ١٩٨٩، رۆڵی بززوتنەوەی هەقە لە پێشخستنی کۆمەڵگای کوردەواریدا، گۆڤاری پەیڤ، سالی چوارەم، ڤیانا.

الطالباني، مكرم، ٢٠٠٢، حزب هيوا، السليمانية، مطبعة خال.

العزاوي، عباس، ١٩٧٤، خلفاء مولانا خالد، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، بەرگی دووەم، بەشی دووەم.

عەبدوللا، هەمزە، دەستنووس، لە ئەرشیفی بەڵگەنامەکانی محمدی مەلا کەریم لە شاری سلێمانی.

عەولانی، حەسەن، ١٩٨٠، تیشکێک بۆ نوسینەکەی، محمدی مەلا کەریم، لە رۆژنامەی عێراق، گۆڤاری رەنجی کرێکار، سلێمانی، سالی چوارەم، ذمارة، ٦.

عومەر، سەروەر عەبدورەحمان، ٢٠٠٨، پارتی کۆمۆنیستی عێراق ومەسەلەی کورد ١٩٣٤-١٩٧٥، تێزی دکتۆرا، بلاو نەکراوەتەوە.

عەلی، رەشید محەمەد، ١٩٨٣، مەسەیەکی مەزن هەولێکی کەم، گۆڤاری کاروان، سالی دووەم، هەولێر، ژمارە، ١٥.

فاروقی، عومەر، ١٩٩٢، تەریقەتی هەقە، گۆڤاری سروە، سالی دووەم، ژمارە، ١٦، مەهاد.

فتاح، شاکر ،١٩٤٦، کۆمەڵە، رۆژنامەی چەمچەماڵ، ژمارە، ٤٦.

قەرەداغی، محەمەد ،١٩٩٤، سەرەتایەک بۆ تێگەیشتن لە گەوهەری سۆسیالیزم، گۆڤاری دوا رۆژ، ژمارە، ١، سلێمانی.

کۆچێرا، کریس ،٢٠٠٤، کورد لە سەدەی نۆزدە وبیستەمدا، وەرگێرانی، حەمە کەریم عارف، چاپی سێیەم، هەولێر، چاپخانەی شڤان.

مجيد، رفيق، ١٩٩٩، الحركة الحمسورية بين الاسلام والباطنية، مجلة، جامعة دهوك، عدد خاص، ١، المؤتمر الاولي لجامعة دهوك.

محمدی، مەلای کەریم، ١٩٧٩، وەختێ ئەوە هاتووە وەڵامی ئەم پرسیارە بدۆزینەوە، پاشکۆی رۆژنامەی العراق، ژمارە، ٣١.

محەمەد، سمکۆ، ٢٠٠١، هەقەکان- ئێستا و رابردوویان – گفتوگۆیەک لەگەڵ، هاوڕێ کاکە حەمە، هەفتەنامەی هاوڵاتی، ژمارە، ٥٣.

محەمەد، سمکۆ، ٢٠١١، ئاین وکەمینەکان لە کوردستان، کوردستان.

مودەڕیس، عبد الكريم، ١٩٨٤، بنەماڵەی زانیاران، چ١، چاپخانەی شەفیق، بەغداد.

مەلا کەریم، محەمەدی، ١٩٧٩، وەحتی ئەوە هاتووە وەڵامی ئەو پرسیارە بدۆزینەوە، رۆژنامەی عێراق، پاشکۆی ژمارە، ٣١.

مەلا کەریم، محەمەدی، ١٩٧٩، وەحتی ئەوە هاتووە وەڵامی ئەو پرسیارە بدۆزینەوە، رۆژنامەی عێراق، پاشکۆی ژمارە، ٣١.

مەلا کەریم، محەمەدی، ١٩٨٠، دیوانی گۆران، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

النقشبندي، عبد الرحمن شيخ علاءالدين، ١٩٨٥، السادات النقشبندية، مطبعة وزارة الثقافة، بيروت.

يحيى، عبد الفتاح علي، ٢٠٠٢، الحياة الحزبية في الموصل ١٩٢٦-١٩٥٨، مطبعة وزارة التربية، اربيل.

ئیدمۆنز، سیسل جۆن، ٢٠٠٤، کورد، تورک، عەرەب، و، حامید گەردی، چ١، چاپخانەی هەولێر.

ئەمیر، وەزیری، ٢٠٠٩، نەقشبەندی لە کوردستان، و، عەلی میرزا عارف هەورامی، چاپخانەی کامۆ، سلێمانی.

تەیفور، عارف ،٢٠١١/٥/٨، هەولێر.

حەلاوەخان ،٢٠١٠/١/٨، شۆڕش.

سلێمان، مەلیک حسین ،٢٠١٩/١٢/٢٠، تەقتەق.

سەبیحەخان ،٢٠١١/١/٨، سلێمانی.

عەسکەری، مستەفا ،٢٠١٠/١١/٧، سلێمانی.

گدرون، عوسمان محمد ،٢٠١٠/١١/٧، پیرەمەگرون.

ئەحمەد، کەریم ،٢٠١٠/١١/٢٢، کۆیە.